Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service

خولی تایبەت بە کۆمەڵگای فینلاندی

# یەکسانی ڕەگەزی لەفینلاندەدا



## یەکسانی ڕەگەزی واتای چی دەگەیەنێت؟

مەبەست لەیەکسانی ڕەگەزی بریتییە لەوەی، کە تێکڕای ڕەگەزەکان ماف و ئەرکی یەکسانیان هەیە و دەرفەتی یەکسانیان بۆ بەدیهێنانی خوودی خۆیان و بەشداربوون لەهەڵسووڕانی کۆمەڵایەتیدا هەیە. ئامانج لەمە ئەوەیە، کە تێکڕای ڕەگەزەکان لەنێوخۆیاندا لەڕووی ڕاستیدا یەکسان بن.

لەکۆمەڵگای یەکساندا کەس نابێت کەس گۆشەگیر بکرێت واتە لەسەربنەمای ڕەگەزیی مامەڵەی جیاوازی بەرامبەر ناکرێت. یەکسانی نێوان ڕەگەزەکان مافی مرۆڤە، کەلەسەر بنەمای پەیمانە نێودەوڵەتییەکان و یاسای نیشتمانی داڕێژراوە.

## یەکسانی ڕەگەزی و یاسا لەفینلاندەدا

بەپێی یاسای فینلاندا مرۆڤەکان لەبەردەم یاسادا یەکسانن. هەروەها گۆشەگیرکردن لەپەیوەند بەکەسایەتیی سێکشواڵی یاخود دەربڕینی سێکشواڵی قەدەغەیە. مەبەست لەیاسای یەکسانی بەرگرتنە بەگۆشەگیرکردن لەسەربنەمای ڕەگەزیی و پێشخستنی یەکسانی نێوان ژن و پیاوە و هەروەها باشکردنی پێگەی ژنە بەتایبەتی لەژیانی کاردا.



## یەکسانی ڕەگەزەکان لەژیانی خێزانیدا

لەفینلاندەدا هەرکەسێک خوودی خۆی بڕیار دەدات لەگەڵ کێدا پەیوەندی خۆشەویتی دروست دەکات وە\یان پەیمانی هاوسەرێتی دەبەستێت. بەزۆرهاوسەرگیری قەدەغەیە. لەتەمەنی 18 ساڵیدا دەتواندرێت پەیمانی هاوسەرێتی ببەسترێت. جووتهاوژین دەتوانن بەبێ هاوسەرگیریکردنیش پێکەوە بژیین. جووتهاوژین چ لەهاوسەرێتیدا و چ لەهاوسەریی کراوەشدا لەنێوان خۆیان لەپێگەیەکی یەکساندان. جیابوونەوەی هاوسەر لەفینلاندەدا دیاردەیەکی گشتییە. هەروەها کاروباری منداڵی هاوبەشیش لەپاش جیابوونەوە پێکەوە بەڕێوەدەبرێن.

لەفینلاندەدا خێزانی فرەچەشن هەن. خێزانی دوو سەرپەرشتیار یاخود یەک سەرپەرشتیار هەیە هەروەها لەو نێوەشدا خێزانی جووتهاوژینیش کە لەهەمان ڕەگەزن هەیە. پیاوانیش هەروەها کاری نێوماڵ ئەنجام دەدەن واتە خواردن ئامادەدەکەن و سەرپەرشتی منداڵ دەکەن.

## نەریتی باو لەبارەی ڕەگەزەوە

نەریتی باو واتە چاوەڕوانی و بۆچوون لەبەرامبەر پیاو یان ژن دا یاخود لەبەرامبەر کچ یان کوڕدا لەبارەی ئەو تایبەتمەندی و هەڵسوکەوتانەوە کەکاریگەریان دەبێت لەسەر بەدیهێنانی یەکسانی. نەریتی باو بۆ نموونە ئەو تێگەیشتنانەن، کە چ ئامرازێکی گەمە یان چ خولیایەک بۆ کچ یان بۆ کوڕ دەگونجێت. بیرکردنەوە بەو جۆرەیە، کە گونجاوە کچان تەنها وازی بەبووکەڵە بکەن و کوڕانیش بەئۆتۆمبێل یاخود ئەوەی کە هەندێک پیشە یان کاری نێوماڵ گەنجاوە بۆ پیاو یاخود بۆ ژن.

نەریتی باو سنووربەندی لای منداڵ و لاو لەبارەی بژاردەکانیەوە هەروەها تێگەیشتن لەخوودی خۆی دروست دەکات. هەروەها کەمایەتییە ڕەگەزی- و سێکشواڵییەکانیش لەبارەی نەریتی باوی پەیوەست بەڕەگەزەوە نەهامەتی دەچێژن. نەریتی باو کەکاریگەری خراپیان دەبێت دەکرێت لەلایەن بۆ نموونە سەرپەرشتیارانەوە، باخچەی منداڵانەوە، مامۆستاو و مێدیاوە چ هەڵبوەشێندرێتەوە چ بەهێزبکرێن.

## یەکسانی ڕەگەزی لەخوێندندا

لەفینلاندەدا کوڕان و کچان دەچن بۆ هەمان خوێندنگە، کە نزیکەی لەتێکڕای وانەکانی خوێندندا گرووپی تێکەڵ هەن. هەروەها مەبەست لەیەکسانی خوێندن بریتییە لەوەی، کە لەنێو ناوەندنی پێشوازییشدا پیاوان و ژنان مافی وەکیەکیان هەیە بۆ نموونە لەچوون بۆ خولی زمانی فینلاندی.

لەفینلاندەدا خوێندنی پیشەیی و باڵا بەپێی ڕەگەز دابەشبووە وەک دەوترێت ڕشتەی پیاوان و ژنان. ئاستی خوێندنی ژنان باڵاترە لەفینلاندەدا وەک لەپیاوان.

# یەکسانی ڕەگەزی لەژیانی کاردا

لەفینلاندەدا ژنان و پیاوان نزیکەی بەڕێژەیەکی یەکسان لەکاردان. ژنان لەپاش ئەوەشی کە منداڵیان دەبێت بەردەوام دەبنەوە لەژیانی کارکردندا. لەفینلاندەدا چ ژنان وە چ پیاوان دەتوانن مۆڵەتی سەرپەرشتیاری وەربگرن. بێجگەلەوەش لەفینلاندەدا سیستەمی باخچەی منداڵانی کەرتی میری هەن.

مووچە و دەرماڵە بەخوودی هەرکەسێک خۆی دەدرێت. هەروەها باجگرتنیش بەپێی تاکە. مووچەی خانەنشینی لەفینلاندەدا بەپێی تاکە، وە ژن و پیاو هەمان مووچەی خانەنشینیان هەیە.

بازاڕی هێزی کار لەفینلاندەدا بەچڕی لە نێوان کاری ژن و پیاودا دابەشبووە. ئەوەش کێشەیەکی بەردەوامە، کە لەلای خۆیەوە نەریتی باو و نایەکسانی ژیانی کار بەڕێوەیان دەبات بۆ نموونە لەمووچەدا. لەفینلاندەدا هەرچەندە کە بەپێی یاسا لەبەرامبەر هەمان کاردا یاخود هاوچەشنی کارەکەدا دەبێت هەمان مووچە بدرێت، ژن بەڕادەی مامناوەندی ڕێژەی 16 ٪ی مووچەی کەمتر وەردەگرن وەک لەپیاوان.

بەپێی یاسا کرێکاران نابێت بەهۆی سکپڕییەوە یاخود ئەرکی سەرپەرشتیکردنی منداڵەوە گۆشەگیر بکرێن. سکپڕبوون یاخود مۆڵەتی خێزانی نابێت ببنە هۆی دەرکردن یاخود کاریگەری لەسەر بەدەستهێنانی شوێنی کار دابنێن.



# توندوتیژی لەسەربنەمای ڕەگەزی

لەهەموو ووڵاتێکدا، کولتوور و چینەکۆمەڵایەتیەکاندا توندوتیژی ڕووبەڕووی ژن دەبێتەوە. هەروەها لەفینلاندەشدا. توندوتیژی ئاراستەکراو دژ بەژن پێشێلکردنی مافی مرۆڤە.

ژن دەشێت بەهۆی ڕەگەزەکەیەوە لەتێکڕای قۆناغەکانی ژیانیدا ڕووبەڕووی توندوتیژی ببێتەوە. ژنان بەتایبەت لەخێزان و پەیوەندی خۆشەویستیدا ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە. زۆرجار بکەر کەسێکی ناسراوە، بۆ نموونە هاوسەری ئێستا یاخود پێشوو. بکەری توندوتییژی بەرامبەر بەپیاو زۆرجار بێگانەیە. توندوتیژی ئاراستەکراو  دژ بەژنان دەشێت بریتی بن بۆ نموونە لە:

- لێدان، تێهەڵدان، ڕاکێشانی قژ یان لێدانی دیکە
- مامەڵەی خراپتر بەرامبەر بەکچان یاخود قەدەغەکردنی خوێندن
- توندوتیژی خێزانی- وە نێو پەیوەندی نزیک
- توندوتیژی زاییندەیی (دەستدرێژی) و نابەجێ بەکارهێنان
- بازرگانی بەمرۆڤەوە یان لەشفرۆشی
- شێواندنی ئەندامی مێیینە
- توندوتیژی پەیوەست بەناموس و ناچارکردن بەهاوسەرگیری.

تاوانەکانی توندوتیژی و تاوانەکانی زاییندەیی لەفینلاندەدا تاوانی مایەی سزادانن. هەروەها سزادانی جەستەیی منداڵیش تاوانە. هەرکەسێک خۆی بڕیاردەدات لەبارەی لەشی خۆیەوە و لەوبارەیەشەوە، کە کێ دەتوانێت دەستیی لێبدات وە چۆنیش.

**هەراسانکردنی زاییندەیی** مەبەست لێی دەربڕینە، ئاماژەیە یاخود جەستەییە، لەسروشتیدا ڕەفتاری نەخوازراوی زاییندەییە، کە لەڕێگەیەوە پارێزبەندی جەستەیی و دەروونی کەسەکە پێشێل دەکرێت. ئەوەش توندوتیژی ئاراستەکراوە دژ بەمرۆڤەکە.

**بێزارکردن لەسەربنەمای سێکشواڵی** ڕەفتاری نەخوازراوە کە لەپەیوەند بەسێکشواڵی، کەسایەتی سێکشواڵی یاخود دەربڕینی سێکشواڵی بەرامبەر بەمرۆڤ دەکرێت، کە لەڕێگەیەوە پارێزبەندی جەستەیی و دەروونی کەسەکە پێشێل دەکرێت.

**بێزارکردن لەسەر بنەمای سێکشواڵی و ڕەگەزی هەراسانکردنی زاییندەیی لەیاسادا قەدەغەکراوە. بەهەمان شێوەش لەنێو ناوەندی پێشوازیدا. قەدەغەکردن چ دانیشتوان و چ کارمەندانیش دەگرێتەوە.**

# بابەتی زیاتر

پرۆژەی لەفینلاندەدا لەماڵەوە چەند ڤیدیۆیەکی دروستکردوە کە باس لەکۆمەڵگای فینلاندی دەکەن. بابەتی ڤیدیۆیەکیان سەبارەت بەمافەکانی مرۆڤ، یەکسانی و هاوتەباییە.

ڤیدۆکان لەسەر یوتیوب لەو ناونیشانەوە

https://www.youtube.com/c/KotonaSuomessa/playlists

دەبیندرێنەوە.

ڤیدیۆکان بەزمانەکانی: فینلاندی، سویدی، ئینگلیزی، عەرەبی، داری، کرمانجی، سۆماڵی، سۆرانی، تای، چینی، فەرەنسی، ئیستۆنی، تیگرینیا و ڕووسی دەتوانرێت تەماشابکرێن.

Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service